## _ ئالپاچینۆ _ شێروان بێ دڵ

بۆ ڕێ لە دزی ناگرن ؟!
ئەگەر خۆتان دز نەبن
لە پشت دوژمنان ناڕۆن
ئەگەر خۆفرۆش نەبن
بۆ دەرناکەن ئەو کەسەی ؟
کەدزە کە گەندەڵە
ڕێزەکانتان تا ئێستاش
پڕی بەعس و چەپەڵە
لیستی خیانەت کاری
بەسەرتان دادەباری
خاکی پیرۆزی کەرکوك
وا بوە قەشمەرجاری
دەزانی یازدەی ئازار
بۆچی هەڵوەشایەوە ؟
ئیمزای نەکرد بۆ دوژمن
( بارزانی ) نەتوایەوە
سەرکردەی دوژمن مەبە
نەیخەیە ناو هەمێزت
بۆ دوژمن خۆت سووك بکەی
کەم دەبێ پایەو ڕێزت
بەعسی گۆڕاو گۆڕ واچوو
هەر بەدزیش ڕیسوا بوو
وەکو ئێوە ئەندامی
بە پارە زۆر بالآبوو
ئازادی کوردت ناوێ
بە ناوی گەل مەدوێ و
بەرد بۆ تاریکی ماوێ !
ئالپاچینۆش ڕێگربوو
گەندەڵ بوو گیرفان بڕبوو



هەندێ ووشەی سووك هەیە
من نایڵێم و پێی ناوێ !
ئەوێرن گەورە پیاوێ
لەسەر دزی دەربکەن ؟
یاجارێ ڕووتان هەبێ و
داوای مافی کورد بکەن
لە دزی شارەزانە
دوو بران یەك ڕێگانە
خاوەن فایل باڵایە
ناوی لە هەردوو لایە
خاکم کە ئازاد نەبێ
بۆچیمە ئەو ئاڵایە !!
ئاڵا لە بۆ چینێکە
کە خاکی ئازاد کرابێت
کە دوژمن بوە سەرۆك
ئاڵاکەش نرخی نابێت
یا لەگەڵ دوژمنانی
یا سەرکردەی دزانی
دەوڵەتی کوردی ناوێ
ئەوەی پڕبێ گیرفانی
پاڵپشتی دوژمن مەبە
خۆت ئەوها نەدۆڕێنی
پێشمەرگەی ئەوهات هەیە
کێوت بۆ دەڕووخێنی
دامەنیشە لە گەڵی
دەستی نەخەیە ملی
دوژمنێ ئەنفالت کات
ئاشت مەبەوە لەگەڵی
خوێنی شەهید بۆ ڕژا ؟
جەرگی دایکان زۆر پژا

بەڵام ئالپاچینۆی کورد
جارێك حەیایی نەڕژا
کەی ئێوە پاڵەوانن ؟!

ئەی بۆ کە دەچنە بەغدا
خۆتان بەکەم دەزانن ؟!!
جلکی کوردی لەبەرکە
ترسی ناو دڵت دەرکە
کەی بۆ کورد پاسەوانی ؟!
دەست و پە نجەی دزانی
کورد ئازادی نابێنێ
بەو کردەوەی کەدەی کەی
تامردن دەرکەوانی
کەسەرکردەی دوژمن بی
تۆش هەروەکو ئەوانی
کوا قودسی سەر بڕاوت ؟!
کوا سەرکردەی دۆڕاوت ؟!
لە لیستی خیانەتە
یا لەکام لیستە ناوت ؟
قوربانی شـەهیدێ بن
کە چەکی دانەئەنا
پێش وەی دوژمن بیگرێ
گوللەی بەخۆوە ئەنا
قوربانی ئەو دایکەبن
تەرمی کوڕی هاتەوە
دەیگووت کوڕم شەهید بوو
بەڵام کورد دەباتەوە
ئەو پێشمەرگە ئازایەی
لەسەنگەری مردن بوو
بە گوللەی خۆفرۆش و جاش
جەرگی هەموو کون کون بوو

ئەوەی بەعس و خاینە
دەریکە لەناو هێزت
دوژمن نابێتە برات
نەیخەیە ناو هەمێزت !
بۆ شەهید سەر دانوێنە
لای گەل دەمینێ ڕێزت

